# دەبێ ناوی کوردستانیش بگۆڕن..!

**نورەدین وەیسی**

ماوەیەکە لێرەو لەوێ هەندێك دەنگ پەیدابوون داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن ، بێگومان ئاڵا هەرگیز شتێك نییە دەستکاریکردنی یا گۆڕینی تاوان بێت ،بەڵام با بزانین هۆکارەکانی داواکردنی گۆڕینی ئاڵای کوردستان راست ورەوان وهی ئەوەن پشتگیریان لێبکرێت؟

راستییەکەی ئەوانەی ئەم داوایە دەکەن هەریەك جۆر نین بەڵکو خەڵکی جیاوازن وهەریەکەشیان مەبەستێکی تایبەتی لەپشت ئەم داوایە هەیە. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین سێ جۆرە خەڵك لەپشت ئەم داوایەن:

- عەرەبە شۆڤێنییەکان کەبەرەوای نازانن کورد ئاڵای هەبێت وبە هەنگاوێکی دەزانن بۆ جیابوونەوەی کوردستان بۆیە هەر لەبنەڕەتەوە دژی هەر شتێکن ناوی ئاڵای کوردستان بێت چونکە چاویان پێی هەڵنایێت .
- تورکمان وئاشوورییەکان بەبیانووی ئەوەی گوایا ئەم ئاڵایە هیچ هێمایەکی ئەوانی تێدا نییە، لە کاتێکدائاڵای کوردستان جگە لەو 21 تیشکەی رۆژەکە کە هێمایە بۆ نەورۆز ئایاهیچ هێمایەکی کوردی تێدایە؟ ئایا دەکرێت رەنگەکانی سوورو سپی وکەسك بە رەنگی کورد بزانین وئایا لەهیچ شوێنێك رەنگ بەسەر نەتەوەکاندا دابەشکراون تا بڵێین ئەم رەنگانە تەنها تایبەتن بە کورد؟ پاشان ئایا نەورۆز هەرتەنها جەژنێکی نەتەوەیی کوردییە یان جەژنێکی نیشتمانیی کوردستانیی وتەنانەت بەشێك لە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیای ناوەڕاستە؟ سەیر ئەوەیە ئەو تورکمان وئاشوورییانەی کەداوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن زۆر بەشانازییەوە ئاڵای بەعسی عیراق (جا بە ئەللاهو ئەکبەربێت یان بێ ئەڵلاهو ئەکبەر) بەرزدەکەنەوەو ماچی دەکەن لە کاتێکدا ئەم ئاڵایە جگە لەو هەموو تاوانانەی کەلەژێریدا دژی تورکمان وئاشووری کراون نەك هیچ هێمایەکی ئەو دوو نەتەوەیەی تێدا نییە بەڵکو ئەم ئاڵایە ئاڵایەکی نەتەوەیی عەرەبییەو سێ ئەستێرەکەشی هێمای یەکبوونە سەرنەکەوتووەکەی عیراق ومیسرو سوریایە ، ئیدی بۆچی تورکمان وئاشوورییەکان بەئاڵای عیراق رازین کەچی بە ئاڵای کوردستان رازی نین کە جگە لەو 21 تیشکەی هێمایە بۆ جەژنی نەورۆز هیچ هێمایەکی کوردی تێدانییە؟
- بەشێکی دیکەی ئەوانەی داوای گۆڕین یا دەستکاری ئاڵای کوردستان دەکەن ژمارەیەکی زۆر کەمی نووسەری کوردو کۆمۆنیستەکانن کە گوایا ئەم ئاڵایە دەربڕی خواستی هەموو پێکهاتەی خەڵکی کوردستان نییە.

ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە وەزیری رۆشنبیریی کوردستانیش بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی چووەتە پاڵ ئەو خەڵکانەی داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن گوایا هێمای نەتەوەکانی دیکەی کوردستانی تێدا نییە، پێشنیازی ئاڵای سەلاحەددین ئەیوبیشی کردووە چونکە بە قسەی کاکەیی ( خۆ سەلاحەددینی ئەیووبی رۆڵەی نەتەوەکەمانە ئێمە بۆچی هێماو ئاڵاکەی نەقۆزینەوەوبهێنینەوە بۆ کوردستان) هەولێرپۆست ژ: 86 ل5. دیارە لای بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی پێدانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بەخەڵکی زۆر ئاسانەو هەر بەنووکی پێنووس خەڵکێك دەکاتە (رۆڵەی نەتەوەکەمان) کە تا ئێستا سادەترین وبچووکترین بەڵگەش لەسەر هەستی نەتەوەیی ئەو (رۆڵە نەتەوەکەمان) نەبووە دەبا کاکەیی تاکە یەك نموونە لە خزمەتەکانی سەلاحەدین ئەییوبی بۆ کورد بهێنێتەوە ،کوردایەتی سەلاحەدین ئەییوبی تەنانەت لەکوردایەتی ئەوانەش کەمترولاوازترە کە وتاریان بۆ سەدام حوسێن وقادسیەو ئەنفالەکەی دەنوسی وهەنوکەش راوێژکاری فەلەکەدین کاکەیین!، کاکەیی چۆن پێشنیازی ئاڵای سەلاحەدین ئەییوبی دەکات بۆ کوردستان کە ژمارەیەکی دیاری کریستیانی تێدا دەژین لەکاتێکدا سەلاحەددین سەدان وهەزاران کریستیان ومەسیحی لە جەنگی خاچپەرستان وبۆ داکۆکیکردن لەئیسلام کوشت؟!

ئەگەر بەپێی لۆجیکی ئەوانە بکەین کەبە پاساوی نەبوونی هێمای نەتەوەکانی تر داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن ئەوە دەبێ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش ئاڵاکانیان بگۆڕن ، هەربۆنموونە ئاڵای بەریتانیا خاچی تێدایە لەکاتێکدا چەند ملیۆن موسڵمانێکی پاکستانی وعەرەب وهیندی وهیندۆسی وجوولەکە وخەڵکی بێباوەڕ لەو وڵاتەدادەژین وهاووڵاتی ئەوێن ونەك هەر باوەڕیان بە کریسیانێتی وخاچ نییە بەڵکو دژایەتیشی دەکەن، ئەم نموونەیە هەموو ئەو وڵاتە ئەوروپاییانە دەگرێتەوە کەخاچ لە ئاڵاکەیاندا هەیە ئیدی بۆچی بەریتانیا وئەو وڵاتە ئەوروپاییانە پێویست ناکات ئاڵای خۆیان بگۆڕن بەڵام کورد دەبێ بیگۆڕێت????????

جا ئەگەر ئەو بیانووەی ئەوانەی داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن بچێتە سەر ئەوە پاش ماوەیەك هەر بەو بیانووەش داوای گۆڕینی ناوی کوردستانیش دەکەن!! چونکە کوردستانیش یانی وڵاتی کورد لەکاتێکدا نەتەوەی تریش لە کوردستاندا دەژین، بێگومان کەسیش لەوبرادەرانەی دەیانەوێ ئاڵای کوردستان بگۆڕێت داوای ئەوە ناکات کەهەر بەو بیانووەش بۆچی فەرەنساو ئینگلاندوئەڵمانیاودانیمارك ونەریج وسویدو..هتد بۆ ناوی خۆیان ناگۆڕن.....!!

دیارە دەستکاریکردنی ئاڵای کوردستان لەدەسەڵاتی پەرلەمان وحکومەتی باشووری کوردستان نییەو ئەگەر بشیکات ئەوە بەتوندی لەلایەن کوردستانیانی دەرەوەوپارچەکانی تری کوردستان رەت دەکرێتەوە بۆیە ئەگەر لەئاڵای کوردستان بێزارن ودەیانەوێ مل بۆ داخوازی داواکارانی گۆڕینی کەچ بکەن ئەوە دەتوانن ئاڵایەك بۆ خۆیان دروست بکەن بەڵام بێگومان هەنگاوێکی ئاواش کاریگەرییەکی زۆر خراپ بەجێدەهێڵێ ودەرگاش بۆ شۆڤێنستانی دژ بەکورد دەخاتە سەر پشت تا هێرشی توندتر بکەن،هەمووی یەك ودوو ساڵە ئاڵای رەنگینی کوردستان بە ئازادی هاتۆتە گۆڕێ وخەریکە لە دنیا وەك ئاڵای کوردستان دەناسرێت ، بۆیە ئەوانەی داوای گۆڕینی دەکەن پێی بزانن یان نا ئەوە زیانێکی گەورە لە کوردستان دەدەن وکارێکی وەها تەنها دڵی دوژمنەکانی کورد خۆش دەکات.